زاگرۆس یەزدانپەنا:

# کوردی رۆژهەڵات نەیتوانیوە بەرژەوەندیی ئەمریکا لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆی بە یەك ئاراستەدا بەرێ

**لە پێناو باشتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆتاییەکانی سەدەی 20 بەسەر دامەزراندنی PAK و هاوکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر چالاکی و دەسکەوتە دیپلۆماسییەکانی حیزب، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز زاگرۆس یەزدانپەنا، ئەندامی مەجلیسی گشتی و نوێنەری پارتی ئازادیی کوردستان لە ئەمریکا کرد.**

**"بۆ کوردستان": چۆن باس لە هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆیی پێش 30 گوڵانی 2691 و کاریگەریی بەسەر دامەزراندی پارتی ئازادیی کوردستانەوە دەکەن؟**

**زاگرۆس یەزدانپەنا:** وێڕای سڵاو لە ئێوە و خوێنەرانی بەڕێز. هەوڵ ئەدەم تا ئەو جێگایەی بکرێ بە کورتی بە گرینگترین هۆیەکان ئامازە بکەم. بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکەتان ناچارم بگەڕێمەوە بۆ ساڵانێک پێش لە ئێستا و ئاوڕێک لە رووداوەکانی ئەو سەردەمە و هەلومەرج و گۆڕانکارییەکانی بدەمەوە. پاش رووخانی ئیمپراتۆریی رووسیەی تزاری و بە دەسەڵات گەیشتنی بولشویکەکان، حکوومەتێک دامەزرا کە پاشان لە رێکەوتی 30 دیسامبری 1922 بە فەرمی بە "یەکێتی سوڤییەت" ناسرا. لە چوارچێوەی ئەرزیی ئەو حکوومەتەدا نەتەوەگەلێکی زۆر جیاواز لەگەڵ یەک دەژیان کە پاشان بۆ دنیای دەرەوە دەرکەوت کە زۆریش بە خواست و ویستی خۆیان پێکەوە نەلکێندرابوون. دووای ئەمە و پاش ئاڵوگۆڕە خێراکانی دووای بە دەسەڵاتگەیشتنی گورباچۆف، ئەم ئیمپراتۆرییەش درزی تێکەوت و سەرئەنجام لە رێکەوتی 17ی مایسی 1991 بە یەکجاری داڕما. ئەم داڕمانە وەک بوومەلەرزەیەکی زۆر بەسام بوو کە تەواوی گوی زەویی بە لەرزە هێنا. کاریگەریی هەرە گەورەی لەسەر نەتەوەکانی ناو"یەکێتی سوڤییەت" بوو کە زۆربەی هەرە زۆریان لەم دەرفەتە لەبار و مێژووییە کەڵکیان وەرگرت و بە راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە گرت. دنیای دووجەمسەری کۆتایی پێهات و پیرۆزی و تابوی "تەواویەتی ئەرزی" تێکشکا. ئەمە یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان لە میقیاسی جیهانیدا بوو.

خوێندنەوەی دروستی ناوچەییش یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی بوو. گەرچی بە راوەستانی شەڕی ئێران – عێراق بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە هەر دوو بەشی رۆژهەڵات و باشوور رووبەڕووی هەلومەرجی نالەبار ببوو، بەڵام بە هێرشی رێژیمی بەعسی عێراق بۆ سەر کووەیت و داگیرکردنی ئەم وڵاتە و پاشان هاتنە پێشەوەی ئەمریکا و رووداوەکانی پاشتری، هەلومەرجێکی بەتەواوی تازەی لە ناوچەکەدا خوڵقاند کە خوێندنەوەیەکی نوێی پێویست بوو. خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە تازەیە، لای هەموو رێبەران و سەرکردەکانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەست نەبوو. جیاوازی لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دروستی ئەم هەلومەرجە بوو کە ئەم جێگە تایبەتییەی بە شەهید سەعید یەزدانپەنا لە دامەزراندی PAKدا ، داوە.

سێهەمین هۆی گرینگ بۆ دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان، هۆی ناوخۆیی بوو. هەر وەک پێشتر ئامازەم پێدا، راوەستانی شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران و بەدینەکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی دژ بە کۆماری ئیسلامی و لاوازیی رۆژ لەگەڵ رۆژی هێزە سەرانسەرییەکان و دابڕان و جیابوونەوەی ئەندامان و رۆیشتنیان بەرەو هەندەران، لە لایەک و دژایەتی و پروپاگەندەی ژەهراوی لە لایەن رەوتی کۆمونیستی کرێکاری بە دژی کورد و بزووتنەوەکەی بە بیانووی ناسیونالیزم و پاشکەوتوویی و هاندانی خەباتگێڕان بۆ کۆچکردن بەرەو هەندەران، لە لایەکی دیکەوە، چەشنێک لە ناهومیدیی لە ناو بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروست کردبوو. لە لایەکی دیکەوە بۆشاییەکی گرینگ لە ناو شۆڕشی کوردایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرا؛ ئەویش نەبوونی هێزێکی بەتەواوی کوردستانی بە ئامانجی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. دەیان ساڵ بوو کە شەڕ بۆ خودموختاری دەکرا و رۆڵەی کورد گیانی لەم پێناوەدا بەخت دەکرد. ئەمە کەمترین مافێکە کە نەتەوەیەک دەتوانێ پێی بگا. وێرانی، دوواکەوتوویی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هەژاری و بێدەرەتانی و گیروودەیی بە موخەدیرات و هەروەها گیانبەختکردنی هەزاران پێشمەرگە و رۆڵەی شۆڕشگێڕی ئەم ئاو و خاکە، وەڵامی رێژیمی داگیرکەر بوو بە داخوازیی "خودموختاری". بەدڵنیاییەوە ئەگەر داخوازیی سەرەکیی بزووتنەوە لەم دەیان ساڵەدا "سەربەخۆیی"ش بوایە، خەسارمان زۆر لەوە کە بووە، زیاتر نەدەبوو.

ئەمانەی کە باسکرا هەمووی ئەو بارودۆخە لەبارە"عەینی"ە بوو بۆ دامەزرانی PAK. بەڵام ئەی باری "زەینی"یەکەی چی؟ ئالێرەدایە کە نەخشی کاک سەعید خۆی دەنوێنێ و بەرجەستە دەبێ. مێژوو سەلماندی کە هەستکردن، ناسین، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە تازەیە و گرتنی رێگەی دروست و "خلافی جەرەیان مەلە کردن،" کاری هەر کەس و تەنانەت هەموو پێشڕەو و رێبەرێک نەبوو، بەتایبەتی کە لەبواری تەمەنیشەوە زۆر لە "پیرانی بە تەدبیر" گەنجتر بێ. هەر ئەم "شم"ە تیژ و دووربینی و وردبینیە و هاوکات جورئەت و جەسارەتی شان وەبەرنانی وەها بەرپرسیارێتییەکی قورس بوو کە کاک سەعیدی لە لووتکەی گۆڕانێکی گرینگ و مێژوویی دانا کە لەدایکبوونی پارتی ئازادیی کوردستان، ئاکامی بوو. هەڵوێستێک کە لە کاتی خۆیدا شۆڕش و رێنێسانسێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو کە هەر لە رۆژی یەکەمەوە کاریگەریی خۆی داناوە و سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دووای خۆیدا راکیش دەکا و رچەی بۆ دەشکێنێ. ئەم پێشڕەو و سەرقافڵەبوونە هەروا بەردەوامە و بەردەوام دەمێنێ.

**"بۆ کوردستان": PAK، لە 17 ساڵی رابردوو، لە بواری دیپلۆماسیدا تا چەند توانیویەتی چالاکیی هەبێ و پشتیوانیی دەرەکی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ لای پرسی کورد رابکێشێ؟**

**زاگرۆس یەزدانپەنا:** بەگشتی دیپلۆماسی گەڕان لە قازانج و بەرژەوەندییە. بەرژەوەندییش بەپێی کات و هەلومەرج، بەردەوام لە گۆڕاندایە. بۆ ئێمە وەک کورد لە رۆژهەڵات، دیپلۆماسی یانی دروستکردنی پێوەندی و راکێشانی پشتیوانی بۆ لای دۆزی کورد. ئەم دیپلۆماسییە دوو رێگەی هەیە، یەکەم : پێوەندی لەگەڵ حکوومەتەکان و یەک لەوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (کە مەبەستی پرسیارەکەی ئێوەیە) و دووهەم پێوەندی لەگەڵ رێکخراوە ناحکوومییەکان و ناوەندە سەربەخۆ و نێونەتەوەییەکان. دیپلۆماسی و گرتنی پێوەندی لەگەڵ دەستەی یەکەم بە تەواوی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دادەمەزرێ و چەشنێک دان و ستاندنە. ئێمە وەک کوردی رۆژهەڵات لەم بەشەدا زۆر لاوازین و ئێستاشی لەگەڵ بێ، نەمانتوانیوە بەرژەوەندیی حکوومەتەکان و لەسەرووی هەموویان ئەمریکا، لەگەل بەرژەوەندیی کورد لە رۆژهەڵات بە یەک ئاراستەدا بەرین. بەڵام لێرەدا هەموو هەڵەکە لای ئێمە نییە. تا ئێستا بەرژەوەندیی پێوەندی لەگەڵ رێژیمی داگیرکەر(بە رێگەی جۆراوجۆر) بە سەر ئێمەدا زاڵ بووە. مەبەستم زیاتر ئەوەیە ئەم حکوومەتانە(بەتایبەتی ئەمریکا) تا ئەو کات کە بەرژەوەندییان لە مانەوەی ئەم رێژیمانە بێ و گۆڕانکاریی قووڵ بە زەرەری سەقامگیری لە ناوچەکەدا لێکبدەنەوە، ئاوڕێکی جیددی لە ئێمە نادەنەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دەستەوەستان رابوەستین و هیچ نەکەین. بەپێچەوانەوە، دەبێ ئێمە بە هەموو لایەکی بسەلمێنین کە چارەسەریی کێشەی کورد و جێگیربوونی دێموکراسی و ئاشتی و تەبایی، سەقامگیری لە ناوچەکەدا زیاتر دەستەبەر دەکا و بەرژەوەندیی هەموولایەک دەپارێزرێ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هەبوونی پێوەندی و راکێشانی سەرنجی دەستەی دووهەم زۆر گرینگ و پێویستە. ئەم گرووپە دەتوانن کاریگەرییەکی ئێجگار زۆریان لەسەر دەستەی یەکەم هەبێ.

لە زۆربەی وڵاتانی رۆژاوایی، رێکخراوەکانی لێکۆڵینەوە و ئەنستیتۆکانی زانستی بۆ کاروباری نێونەتەوەیی پلان و بەرنامە بۆ دەوڵەتەکانیان دادەڕێژن و سیاسەتەکانیان، لابی(Lobby) بەو ئاقارەدا دەبەن. لەم پێوەندییەدا، دروستکردنی لابی گرینگییەکی تایبەتی هەیە کە ئەمەش خۆی پێویستیی زۆری بە سەرمایە و ئیمکانات هەیە کە بەداخەوە ئێمە وەک کوردی رۆژهەڵات لەم قۆناخە زۆر دوورین.

ئەگەر بمهەوێ وەڵامێکی کۆنکریت بە پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەبێ بڵێم کە تا قۆناخی ئێستا، رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان(یەک لەوان PAK) بە تاک دیپلۆماسییان کردووە و هەر رێکخراوێک بۆخۆی پێوەندیی سازکردووە. بۆ نموونە دامەزرانی هاوبەندیی دۆستانەی ئەمریکا – کوردستان(AKFL)" لە لایەن پارتی ئازادیی کوردستان و دۆستانمان لە ئەمریکا، یان سەفەری چەند مانگ پێش ئێستای کاک حسەین یەزدانپەنا بۆ ئەمریکا کە دەسکەوتی زۆر گرینگی بۆ دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو و ئاکامەکەی لە داهاتوودا باشتر روون دەبێتەوە.

بەڵام، ئێمە وەک پارتی ئازادیی کوردستان، بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کورد دەبێ بە یەک دەنگ و پێکەوە دیپلۆماسی بکا و یەکدەست لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا حازر بێ. هەر وەک لە بەیاننامەی دامەزرانی PAK و لە مانیفستی 3 ی دووای کۆنگرەی یەکەم دا هاتووە، پێویستیی گرینگی ئەم قۆناخەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان دامەزراندنی ناوەندێکە بۆ کاروباری دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە نوێنەری هەموو گەل لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە ناوی ئەوانەوە قسە بکا. ئەمە زەروورەتێکە کە هەر کات و لە هەر کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ناوەندە دەرەکی و حکوومی و ناحکوومییەکاندا بە جوانی دەردەکەوێ و خۆی نیشان دەدا. سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسم کرد، فاکتەری "هێز" دەورێکی گرینگی هەیە. "هێز" لە سەرووی هەموو ئەمانەیە و "پارسەنگی" هێز دەتوانێ زۆر لە هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان بگۆڕێ و سیاسەتەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەرێ. جا بۆیە هەرچی ئێمە لە ناوخۆ و لەسەر خاکی خۆمان بەهێزتر بین، قسەمان لە دەرەوە زیاتر بڕەوی هەیە.

**"بۆ کوردستان": لەم یادەدا، چ پەیامێکتان بۆ خوێنەرانی "بۆ کوردستان" هەیە؟**

**زاگرۆس یەزدانپەنا:** پێمخۆشە لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرم و داوا لە خوێنەرانی بەڕێزی "بۆ کوردستان" بکەم کە ئەگەر تا ئێستا بەیاننامەی دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان و "مانیفیستی 3"یان نەخوێندوەتەوە، حەتمەن بیخوێننەوە و بە وردی سەرنجی بدەن. ئەم نووسراوانە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەو وتەیەی ئێمە کە؛ پارتی ئازادیی کوردستان داهێنەر، رەچەشکێن و پێشڕەو و ئاڵاهەڵگری بیری کوردایەتی و کوردستانی بوونە. ئەمانە مەشخەڵی رووناککەرەوەی رێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەبات بەرەو سەرکەوتنن. رابووردنی زەمان زۆر لە وتەکانی ئەم بەرنامانەی سەلماندووە و لە داهاتووشدا زیاتر دەیسەلمێنێ و خەڵک و لایەنی زیاتر بە دووای خۆیدا دەبا.

داهێنانی تر بەڕێوەیە و رچەشکێنی هەر بەردەوامە......"



